گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# وێنای هزری قوتابیانی بەشی میدیا سەبارەت بە دراما دۆبلاژکراوەکانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان

**د.ظاهر حمدأمين صابر**
بەشی تەکنیکی میدیا، کۆلێژی تەکنیکی کارگێری هەولێر، زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.
Zahir.sabir@epu.edu.iq

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
**وەرگرتن:**٢٠٢٢/١٢/١٢
**پەسەندکردن:**٢٠٢٣/١/٨
**بڵاوکردنەوە:**زستان٢٠٢٣

**ووشە سەرەکییەکان**
*Intellectual Image,*
*Student,*
*Dubbed Drama,*
*Kurdish Channels*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.8.5.11

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەهەڵوەستەکردن لەسەر وێنای هزری لای قوتابیانی بەشی میدیا سەبارەت بە دراما دۆبلاژکراوەکان لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا، ئەم توێژینەوەیە لەجۆری توێژینەوەی وەسفییە(Descriptive Research) کە لەگەڵ شێوازی توێژینەوەکە گونجاوە، بۆ گەیشتن ئامانجەکان، توێژەر میتۆدی ڕووپێوی (Survey Method) بەکارهێناوە.

کۆمەڵی توێژینەوەکە بریتیەلە قوتابیانی بەشی میدیا، مشتەی توێژینەوەکە بریتیە لە (86) قوتابی لە هەردوو ڕەگەز، کە بەشێوەی هەڕەمەکی هەڵبژێردراون ئەم توێژینەوەیە هۆکارێکە بۆ هەڵوەستەکردن لەسەر ئەو لێکەوتانە و ڕوونکردنەوەی ئەو کاریگەرییانەی ئەم دراما دۆبلاژکراوانە هەیانە لە پرسی پێگەیاندنی کۆمەڵگە بەگشتی و توێژی قوتابیانی بەتایبەتی.

ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتی یەلە دەرخستنی کارلێکی ڕاستەوخۆو پێچەوانەی مشتەی توێژینەوەکە و دراما دۆبلاژکراوەکان، هەروەها تاچەند دراما دۆبلاژکراوەکان قبوڵکراوە لای قوتابیانی بەشی میدیا، هزری قوتابیاندا چ وێنایەك دروست دەکات و چ سوودێکیان پێدەگەیەنێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

توێژەر گەیشتووە بەو دەرئەنجامەی، کە زۆرترین تاکەکانی مشتەی توێژینەوە تەماشای دراما دوبلاژکراوەکان دەکەن. دراما دۆبلاژکراوەکانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان ڕۆڵی گرنگیان هەیە لە دروستکردنی وێنای هزری لای قوتابیانی بەشی میدیا بەتایبەت ڕاستییەکانی ژیانیان پێشاندەدەن، هەروەها یارمەتیدەرن بۆ دروستکردنی وێنایەکی باشتر و جیاوازی کەسایەتی، دراما دۆبلاژکراوەکان هاندەرن بۆ لادانی کۆمەلایەتی و ئاکاری، گەنجان هاندەدەن بۆ یاخیبوون لە خێزان و کۆمەڵ.

## پێشەکی

تەلەفزیۆن یەکێکە لەو ئامرازانەی میدیا کەمرۆڤ زۆرترین سوودی لێ وەرگرتووە، بەشێوەیەکی ئاسان دەگاتە هەمووماڵ و شوێنێك، خێراییەکی زۆری هەیە لەگواستنەوەی هەواڵ و زانیاری بۆ بینەران، تەلەفزیۆن لە رووی پێگەیاندن و زیادکردنی ئاستی ڕۆشنبیری و هزری تاکەکان گرنگی تایبەتی هەیە، چونکە تەلەفزیۆن وەکو ئامرازەکانی تری میدیا نییە بینەر بەئاسانی دەتوانێ لە هەواڵ وزانیارییەکان و دراما دوبلاژکراوەکان تێ بگات ئەگەر ئاستی خوێندەواری کەمیش بێت یاخود هەر نەخوێندەوار بێت.

بەو پێیەی سروشتی درامای تەلەفزیۆنی دەربڕی واقیعی ژیانی کۆمەڵگایە، هاوکات ڕووداوەکان لەناو جیهانێکی نزیك لە راستیەوە روو دەدەن، تەنانەت گەر خەیاڵ یان ئەفسانەییش بن، لە ئێستادا دەبینین شەپۆلێکی بەربڵاو لە دراما دۆبلاژکراوەکان فەزای میدیای کوردی داگیرکردووە و کاتەکانی شاشەی کەناڵەکانی میدیای کوردی پڕکردۆتەوە. گرنگیدانی کەناڵە کوردییەکان بە دراما و زنجیرە دۆبلاژکراوەکان بۆتە دیاردەیەك، بەهۆیەوە زۆر لێکەوتەی ئەرێنی و نەرێنی لێکەوتۆتەوە، لەبەر ئەوەی ئەو دراما دۆبلاژکراوانە کە لە کلتوورێکی جیاواز لە کلتوری ئێمە بەرهەم دەهێنرێت کەچی لای گەنجانی کورد بەتایبەتی و هاووڵاتیان بەگشتی خواستی زۆری لەسەرە نابێت بە دیوێکی سادەو بێباکانە وەریبگرین لە کاتێکدا کاریگەری لەسەر گەنجان درووست دەکات.

ئەم توێژینەوەیە لە سێ بەش پێکهاتووە کە بەشی یەکەم تایبەتە ڕێبازنامەی توێژینەوەکە کە خۆی لە ڕێکاری توێژینەوەکە و چەمکەکانی توێژینەوە دەبینێتەوە. هەروەها بەشی دووەم تایبەتە بە

زانیارییینامە کە بەشێوەیەکی چر و پر باس لە وێنای هزری و دراما کراوە، بەشی سێیەم تایبەتە بە کردەنییینامە کە داتا و زانیارییەکانی راپێوییەکان کە شیکاری کراوە.

## بەشی یەکەم

## ڕێبازنامەی توێژینەوەکە

**یەکەم: ڕێکاری توێژینەوەکە**

**1.کێشەی توێژینەوەکە:**

کێشەی ئەم توێژینەوەیە وێنای هزری قوتابیانی بەشی میدیا سەبارەت بە دراما دۆبلاژکراوەکانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان چین؟ ڕەنگدانەوەیان لەسەر هەڵسوکەوت و ڕەفتاریان چیە؟

**1.پرسیارەکانی توێژینەوەکە**

لەو توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە بە شێوەیەکی زانستی وەڵامی چەند پرسیارێکی بنەڕەتی پەیوەست بە کرۆکی توێژینەوەکە بخرێتەڕوو، لێرەدا پرسیارە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە دەخەینەڕوو:

1. ڕۆڵی دراما دۆبلاژکراوەکان لە دروستکردنی وێنای هزری لای قوتابیانی بەشی میدیا چیە؟
2. دراما دۆبلاژکراوەکان چ وێنایەکی هزری لای قوتابیانی بەشی میدیا دروست کردووە؟
3. قوتابیانی بەشی میدیا تا چەند لاسایی شێوازو رەفتارەکانی نێو دراما دۆبلاژکراوە دەکەنەوە؟

1. **گرنگی توێژینەوەکە:**

گرنگی ئەم توێژینەوەیە بۆ قۆناغی ئێستای کۆمەڵگەی کوردی بە تایبەتی توێژی قوتابیان لەوەدایە، کە ئاڕاستەکانی بیرکردنەوەی قوتابیان کەوتنە ژێر دراما دۆبلاژکراوەکان دەردەخات لە هەلومەرجێکدا کە کۆمەڵگەی کوردی ڕووی لە گۆڕانکاری گەورە کردووە و لە نێوان بەها کۆن و نوێیەکاندا جۆرە ململانێیەکی زانستی و مەعریفی و تەنانەت ئایدیاش هاتووەتە ئاراوە کە کۆمەڵگەی بەسەر دووبەرەی کۆن و نوێدا دابەشکردووە.

## 2.ئامانجەکانی توێژینەوەکە:

گرنگترین ئامانجەکانی ئەم توێژینەوە خۆی لەمانە دەبینێتەوە:

- به پلەی یەکەم بریتیە لە دەرخستنی وێنای هزری قوتابیانی بەشی میدیا سەبارەت بە دراما دۆبلاژکراوەکانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، ڕەنگدانەوەیان لەسەر هەڵسوکەوت و ڕەفتاریان
- دەرخستنی لایەنە شاراوەکانی قوتابیانی بەشی میدیا سەبارەت بە دراما دۆبڵاژکراوەکان ئەو کاریگەرییان لەسەر قوتابیان بەجێهێشتووە.
- لە کارلێکی ڕاستەوخۆ و پێچەوانەی مشتەی توێژینەوەکە و دراما دۆبلاژکراوەکان بکۆڵێتەوە، هەروەها ئامانجی ئەو توێژینەوەیە لەودایە کە بزانرێت دراما دۆبلاژکراوەکان تاچەند قبوڵکراوە لای قوتابیانی بەشی میدیا، هزری قوتابیاندا چ وێنایەك دروست دەکات.

2. کۆمەڵی توێژینەوەکە:

کۆمەڵی توێژینەومان بریتیە لەقوتابیانی بەشی میدیا لە کۆلێژی تەکنیکی کارگێری هەولێر.

3. مشتەی توێژینەوەکە:

مشتەی توێژینەوە بەشێکی هەڵبژێردراوی کۆمەڵی توێژینەوەیە و گوزارشت لە وێناکردنی تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵی توێژینەوە دەکات، مشتەی ئەم توێژینەوە پێك هاتووە لە (86) لە قوتابیانی بەشی میدیا لە کۆلێژی تەکنیکی کارگێری هەولێر. بەشێوەیەکی هەڕەمەکی وەرگیراوە، هەروەک زانیاری مشتەی توێژینەوە لە خوارەوە ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی 1 زانیاری دیموگرافی دەربارەی مشتەی توێژینەوە دیاری دەکات

| گۆڕاوەکان | یەکەی گۆڕاوەکان | دووبارەبوونەوە | ڕێژەیی سەدی |
|---|---|---|---|
| ڕەگەز | نێر | 34 | 39.53 |
| | مێ | 52 | 60.47 |
| قوناغ | یەکەم | 10 | 11.64 |
| | دووەم | 42 | 48.83 |
| | سێیەم | 34 | 39.53 |

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | |
|---|---|---|---|
| | چوارەم | - | - |
| شوێنی نیشتەجێ بوون | شار | 59 | 68.60 |
| | قەزا | 24 | 27.90 |
| | گوند | 3 | 3.488 |

**3.جۆر و ڕێبازی توێژینەوەکە:**

- جۆری توێژینەوەکە: ئەم توێژینەوەیە دەچێتە چوارچێوەی توێژینەوە وەسفییەکان، کە جۆرێکە لەو توێژینەوانەی بە ئاراستەی وەسفی و شیکردنەوەی دیاردەیەکی میدیاییە کە زانیاری لە بارەیەوە لە بەردەست دابێت.

- ڕێبازی توێژینەوەکە: ڕووپێوییە لە دیارترین ڕێبازەکانی توێژینەوە و زۆرترین شێوە بەکاردێت لە توێژینەوە وەسفییەکان، چونکە زۆرترین داتا و زانیارییەکان لە بارەی توێژینەوە دەخاتە ڕوو.

**4.سنووری توێژینەوەکە:**

- سنووری کاتی: لایەنی مەیدانی لەماوەی(2022/11/1- 2022/11/30) جێبەجێ کراوە .
- سنووری مرۆیی: قوتابیانی بەشی میدیایە
- سنوری شوێن: کولێژی تەکنیکی کارگێری هەولێر.

4. کەرەستەی توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەیەدا فۆرمی ڕاپێویی بەکارهاتووە بۆ کۆکردنەوەی داتاکان و بریتیە لە کۆمەڵێك لەو پرسیارانەی تێدایە کە پەیوستن بە بابەتی توێژینەوەکە.

5. ڕێکارەکانی ڕوواڵەتە دروستی و جێگیری:

ڕوواڵەتە دروستی بەمەبەستی جێبەجێکردنی ڕاستی بۆ تەوەر و پرسیار و برگەکانی ئامرازی توێژینەوە، توێژەرراستی ڕوواڵەتی بەکارهێناوە بەگەڕانەوە بۆ(3) پسپۆری بواری میدیا* پشت

---

***ناوی شارەزایان و پسپۆرانی هەڵسەنگاندنی ناوەڕۆکی فۆرمی ڕاپرسیی توێژینەوەکە:**

بەستتن بەهاوکێشەی راستی رووالەت(84.9) بۆ جێگیری داتا و زانیاری کۆکراوە بەئامرازی توێژینەوە، توێژەر جێگیری ناوخۆیی بەبەکارهێنانی هاوکێشەی (ئەلفاکرونباخ) یان بەکارهێناوە بەپێی خشتەی(2).

خشتەی2 جێگیری داتا و زانیاری توێژینەوەکە دیاریدەکات

| ژمارەی برگەکان | پیوانەی جێگیری |
|---|---|
| 18 | 0.856 |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (2) دەردەکەوێت کەجێگیری داتا و زانیاری توێژینەوەکە (0.856) کەئاماژەیە بۆ پلەی بەرزی پێوانەی جێگیری داتا و زانیاری توێژینەوەکە.

دووەم: دیاریکردنی چەمک و زاراوەکان

1. وێنای هزری: رەگ و ریشەی زمانەوانی زاراوەی وێنای هزری بۆ زاراوەی (stero) بۆ زمانی یۆنانی دەگەرێتەوە. بەواتای پوختە یان هێز دێت، لەسەدەی نۆزدەهەم کە بە سەدەی رابوونەوەی زانستی مرۆڤایەتی ناسراوە، یەکەم بەکارهێنانی ناتەواو، بۆفراوان کردنی سنوری زاراوەکان دەستی پێکرد و لەجیهانی چاپەمەنیەوە گواسترایەوە بۆ جیهانێکی فراوانتر ئەویش، بریتی بوو لە جیهانی پزیشکی دەروونی، زانستی دەروونی و کۆمەڵایەتی (خلیل 2002، 55).
2. دراما دۆبلاژکراوەکان مەبەست لەو دراما بیانیانەن کە دۆبلاژی زمانی کوردی کراوە لە کەناڵە ئاسمانیە کوردییەکان بە زمانی کوردی پەخش دەکرێن بەشێوەی زنجیرە رۆژانە و شەوانە لەکات و ماوەیەکی دیاریکراودا.

---

1.پ.ی.د بەهات حسیب علی/زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر/کۆلیژی تەکنیکیی کارگێڕی هەولێر/بەشی میدیا.

2.پ.ی.د سامان جەلال مولود/ زانکۆی سەلاحەدین/ کۆلێژی ئاداب/ بەشی ڕاگەیاندن.

3.پ.ی.د دلێر ئەحمەد حمە /زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر/کۆلیژی تەکنیکیی کارگێڕی هەولێر/بەشی میدیا.

3. قوتابیانی بەشی میدیا: ئەو کەسەیە کە لەبەشی میدیا بۆ ماوەی چوار ساڵ بەشێوەیەکی ئەکادیمی بوارەکانی میدیا دەخوێنێت لەکۆتایی دا دەبێتە هەڵگری بروانامەی بەکالۆریۆس، ئەمەش وای لێدەکات لەکاتی دەرچوونی لەزانکۆ هەڵسێت بە ڕۆڵی پیشەیی لە کۆمەڵگا دا.
4. کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان: مەبەست لە چەمکی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لەم توێژینەوەیە، ئەو کەناڵە ئاسمانییە کوردییانەن، کە لە هەرێمی کوردستان وەك ئامرازێکی میدیای جەماوەری بەرنامەکانیان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان تۆمارکراو، لەڕێگەی مانگە دەستکردەکانەوە پەخش و بڵاو دەکەنەوە، ئینجا بابەتەکان گشتی بێت یاخود تایبەتمەند بێت بە بوارێکی دیاریکراوی (سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابوری، وەرزشی، هونەری،...هتد).

## بەشی دووەم

## زانیارییینامە

### یەکەم: وێنای هزری (چەمک و جۆرە تایبەتمەندییەکانی)

1-چەمک و پێناسەی وێنای هزری

یەکەمجار زاراوەی وێنای هزری لەجیهانی چاپەمەنی لەساڵی 1789 لەلایەن پسپۆرانی ئەو بوارە بەکارهێنراوە کەئەوانیش (Herman & Didot) بەکاریان هێنا. ئەوانەی کەوا لەم ساڵەدا بەبۆنەی دۆزینەوەی چاپەمەنی ئاهەنگیان گێرا کە گوزارشتی لە تابلۆیەکی چاپکراوی کۆپی کراو لەپیت و دەستەواژەکان بۆ پێکهێنانی قالبێك کە لە رووکارێکی کانزای چاپکراوی نوێ لەسەر شێوەی کۆپیەکی هاوشێوەی رەسەنی دەکرد (دبس 1999، 20).

ئەگەر زاراوەی وێنای هزری ئەو مەبەستە نەبێت کە بۆ زۆرینەی خەڵك جگە لە شتێکی رۆیشتوو یاخود راستەقینە نەبون یاخود شتێکی رووتی خەیاڵی، بە دڵنیاییەوە فەرهەنگی (ویبستەر) لە چاپی دووەمدا چەند پێناسەیەکی بۆ ووشەی image خستەروو کەئاماژە بۆ پێشکەوتنی ژیری دەکات بۆ هەرشتێك کەهەستەکان نەتوانن بەرەو پێشی بخەن بەشێوازێکی راستەوخۆ، یان زیندوبوونەوە یان لێکچوون بۆ تاقیگە هەستیەکان هەروەکو دەبێت تاقیگەی هەستی پەیوەندی بە سۆزێکی تایبەتی هەبێت. ئەوەش گەراندنەوەی ئەو زانیارییانەی کەلە یادگە هەڵگیراوە، یان خەیاڵ کردن لەوشتانەی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کە هەستەوەرەکان هەستی پێدەکەن لە بینین، بیستن، دەست لێدان، بۆن کردن و تام کردن (العجوة 2005).

وێنای هزری بەوە پێناسە دەکرێت کە بریتیە لەو بیرۆکە و تێروانین و هەست و نەستەی کەبوونی هەیە لە عەقل و ویژدانی تاك بەرامبەر بە کێشەیەکی دیاریکراو یان رێکخراوێك یان بیرۆکەیەك، وێنای هزری تەنها پێکنەهاتووە لە سروشت و زانیاریانەی کەنمایش دەکرێت، بەڵکو بەرێگەیەك لە رێگەکان کە زانیاری و بیروبۆچونەکان بەپێی رێکخستنێکی دیاریکراو رێکدەخات، لەراستیدا پرۆسەی پێکهێنانی وێنای هزری خودییە نەك بابەتی، کەتوانایەکی زۆری هەیە لە سەرنج راکێشی و نەهێشتنی بێلایەنی و بەوەش جیادەکرێتەوە کە وێنای هزری کۆمەڵێك تایبەتمەندی خۆی هەیە (عبدالحلیم 2007، 17).

ئەم پێناسانە پێمان دەڵێت کە ئەمە دوورە لە خەیاڵ، هیچ شتێك نییە جگە لەراستی بەگشتی لەو وێنای کە پێك دێت لەتاکێکی دیاریکراو، یاخود رێکخستن لە هزری تاك و کۆمەڵداو لەتێروانینی ئەواندا، لەبەر ئەوەی ئەم وێنایە کەهی تاك و ئەو رێکخراوەیەکە ئەو تاکانەو کۆمەڵ دەیبینن یەکسانە، ئەو

2-وێنای هزری:

مانای وێنای هزری (چاپ بوونی وێنای شتێکە لەهزردا) یان بە دەربرینێکی ڕاست تر (ئامادەبوونی وێنای شتێکە لەهزردا) ئەو دەستەواژەیە دەگەرێتەوە بۆ بنەچەیەکی لاتینی ئەویش(Image) کەبەستراوە بەکردەی خۆدەنوێنێ لەگەڵ ئەوەش کەمانای زمانەوانی وێنای هزری نیشاندانی لە لێکخشاندن و نواندنە، بەڵام مانا فیزیاییەکەی شکانەوەیە (وێنایە راستی بێت یان راستی نەبێت لەبەر ئەوەی وێنای ئەو کەسایەتیەی کەلە هزری پەیدابووە وێنایەکی دیاریکراوە لە رێکخراوێك کەچۆن دەستکاری بکات.

تێگەیشتنی انعکاس-رەنگدانەوە) (کیلاني 2009، 3).

وێنای هزری ئەو مانایەیە کەفەرهەنگی (ویبستەر) دەست نیشانی کردووە پێشبینی بیرکردنەوە یەکە لە نێوان کۆمەلێکی دیاریکراو بۆ کەسێك یان شتێکی دیاریکراو، دەربرینی ئەو ووشەیە کاتی وەرگێرانی ووشەی چاپ بوونی هزری بەڵام ئەو چاپ بوون و شکانەوە فیزیاییە شکانەوەی تەواو و بنەرەتی نییە، بەڵکو شکانەوەیکی بەشیە. زۆر بەوێنای شکاندنەوەکە دەچێت وەك ئاوێنە، ئەو وێنە

شکاوە تەنها ئەوەندە کەبەرامبەر ئاوێنەکەیە بەڵام بەشەکانی تر ئاوێنە نیشانی نادا، لەکۆتایدا ئەو تەنها هەڵگری ئەو وێنایە لە هزردا لەبارەی ئەوشتە، ئەو هزرەش زۆر وردەکاری لەخۆدەگرێت. (دبس 1999، 89)

دەستەواژەی وێنای هزری دیارکەوت وەك دەستەواژەیەك کە هەمووان لەسەری کۆك بوون لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەم کە (والتر ليبمان) ناوی لێنا، کە دەشێ لە بنەرەتدا بۆ لێکدانەوەی زۆرێك لە کردارەکانی کارتێکردن بەکاربێت، وە بەشێوەیەکی سەرەکی کار لەبیری مرۆڤ دەکات ئەو وێنایەش ئەنجامێکی سروشتی بۆ کۆکردنەوەی پسپۆری تاك راستەوخۆ و ناراستەوخۆ کەتێکەڵی دەبێت لەژیاندا لەلێکدانەوەی کە تاکەکانی کۆمەڵ هەلی دەگرن دەبارەی جیهان لەدەوروبەریان بە پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی (Frank 2004, 80).

3-جۆرەکانی وێنای هزری:

وێنای هزری کۆمەڵێك جۆری هەیە، چەمکی وێنای هزری لە نێو ڕاگەیاند دا بە واتای تێڕوانینی دروست دێت، شارەزایان و پسپۆران تویژینەوەیان لەسەر کردووەو جۆرەکان ئەمانەن:

1- وێنای ئاوێنایی: ئەو وێنایەیە کە تاك لەسەر شێوەی خۆی لە ڕێگای ئامرازێک وێنای خۆی دەبینێت.
2- وێنای ئێستایی: ئەو وێنای کەسانیتر دەیبینن لە ڕێگای ئەم وێنایە تاکەکان سەیری ئامرازێک دەکەن. (حسن 2017، 43)
3- وێنای خوازراو: ئەو وێنایەی مرۆڤ دەیەوێت بەو شێوەیە پیشان بدرێت، لە ڕێگای ئەم وێنایەوە هەوڵی دروستکردنی وێنایەکی خۆی لە ناو هزری جەماوەرەکان دروست دەکات.
4- وێنای ڕاست و ڕەوان: لە کاتی بەراوردکردنی نێوان وێنەکان مرۆڤ پێشبینی بەم وێنایە دەکات کە باشترینیانە بتوانێت ئامانجەکان بهێنێتەدی، کاتێك پێیوابێت ڕکابەری لەگەڵ یەکی دیکە بکات لە ڕووی کاریگەری لەسەر جەماوەر، ئەم وێنایە دروست دەبێت، بۆیە پێی دەگوترێت وێنای پێشبینی کراو.
5- وێنای هەمەجۆر: کاتێك کۆمەڵێك کەس بۆچوونیان لەسەر شتێك یان بابەتێك هەبێت بە شێوەیەکی هەمەجۆر، هەروەها ئەم هەمەجۆریە بۆ کاتێکی درێژ نییە بەڵکو دواتر شێوەیەکی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دیاریکراوی بۆ دەبێت، ئەم وێنە لای تاکەکان دروست دەبێت کاتێك هەر یەك بە شێوەیەکی تایبەت یاخود جیاواز هەوڵی پیشانی وێنای خۆی دەدەن، لێرەدا وێنەکە یان ئەرێنی دەبێت یان نەرێنی، یان وێنایەکی هاوبەش لە هەندێ خاڵی ئەرێنی و نەرێنی و بە پێی کارێگەری سەر تاکەکان. (الجواری 2016، 45)

4-تایبەتمەندی و سیماکانی وێنای هزری:

وێنای هزری چەندین تایبەتمەندی هەیە و پێك دێت و گەشەدەکات لە چوار چێوەی ڕۆشنبیرییەکی دیاریکراو، کاریگەرە بە بارودۆخی دەوروبەری مرۆڤەوە، ئەم تایبەتمەندیانەش بریتین لە:

1 - نا ووردی: زۆربەی توێژەران پێیان وایە وێنای هزری زۆر وورد نیە، چونکە وێنای هزری تەنها لە کۆمەڵێك ڕا و بۆچوون دروست دەکرێت و مەرج نیە تەنها لەسەر بنەمایەکی زانستی بێت، مەرج نیە ڕەنگدانەوەی گشتگیری ڕاستەقینەی بابەتەکە بێت، بەڵام هەمیشە بەشێکی دیاریکراوی بابەتەکە لەخۆ دەگرێت، بە تایبەتی هەر کەسێك زۆربەی جاران بە پێی هەندێ زانیاری کەم بۆچوونێکی خۆی بەرامبەر بە کەسێك یان شتێکی دیکە دەستنیشان دەکات.

2 - بەرگری بۆ گۆڕانکارییەکان: زۆربەی جاران وێنای هزری بەرگری لەخۆی دەکات بەرامبەر هەر گۆڕانکاریەك کە ڕوودات، هەروەها چەندین فاکتەری جۆراوجۆری دروستکردنی کاریگەری بۆ گۆڕینی وێنای هزری هەن، هەندێکیان پەیوەستن بە خودی وێنەکەیەوە، هەندێکی دیکەش پەیوەستن بەو پەیامانەی مێشکی مرۆڤ وەریان دەگرێت (الدسوقی 2007، 6).

3 - گشتگیری و فەرامۆشکردنی جیاوازیە تاکەکان: وێنای هزری زیاتر گشتگیرە، بۆ نموونە تاك هەست دەکات هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا وەکو یەکن، سەرەڕای ئەوەی هەر تاکێك چەند جیاوازییەکی خۆی هەیە لە تاکەکانی دیکە.

4 - وێنای هزری زۆربەی جاران بێلایەن نییە: هەر مرۆڤێك کاتێك ڕاو بۆچوونێکی خۆی بەرامبەر بە هەر بابەتێك دەستنیشان دەکات، بێگومان بە پێی خواست و هەست و ئایدیاکانی خۆیەوە دەریدەبڕێت، چونکە حەزی مرۆڤ بۆ هەر شتێك وای لێی دەکات کۆمەڵێك خاڵە باشەکانی ئەو شتەیە ڕەوچاوبکات، بۆیە دوورنیە لە هەمان کاتدا کۆمەڵێك خاڵی نیگەتیڤی ئەو شتەیە فەرامۆش بکات، چونکە کاریگەری حەز و سۆزی مرۆڤی لەسەر هەیە (دبس 1999).

5 - پێشبینیکردنی ئاینده: وێنای هزری هۆکارێکی یارمەتیدەری باشە بۆ مرۆڤ تاکو بتوانێت پێشبینی هەڵوێستی کۆمەڵێك بکات، واتە هەر کەسێك لە ڕێگەی ئەو وێنای هزری خۆیەوە دەتوانێت پێشبینی بکات بەرامبەر هەرکۆمەڵگەیەك، هەر کەسێك، بابەتێکی دیاریکراو.

6 - وێنای هزری سنووری دیاریکراوی نییە بۆ کات یان شوێن: لە کاتی دروستبوونی وێنای هزری لە خەیاڵی مرۆڤ دا، هیچ سنوورێك نییە بۆکات یان شوێن یاخود ناوچە. (Kim 2003, 12)

5-ڕۆڵی میدیا لە دروستکردنی وێنای هزری:

ئامرازەکانی چاپکراو و بینراوەکان و ئامرازەکانی میدیایی نوێ بە شێوەیەکی کارا بۆ دروستکردنی وێنای هزری بەکار دەهێنرێن، میدیا ڕۆڵێکی کاریگەر دەگێڕێت لەناخی کۆمەڵگە و بیر و هزری خودی هەموو تاکێك، توێژەرانی بواری میدیا پێیان وایەکە وێنە لە هزری تاك دروست دەبێت لە ئەنجامی پێشکەشکردنی پەیامێك لەڕێگای ئامرازەکانی پەیوەندیکردن و میدیا، یاخود خوێندنەوەی ڕۆژنامەو گۆڤارو گوێگرتن لە ڕادیۆ و سەیرکردنی شاشەکانی تەلەفزیۆن لە ئەنجامدا دەبێتەهۆی دارشتنی هێمای ئەم پەیامە میدیاییە لەهزری تاك بەرامبەر بە کەسێك، بیرۆکەیەک، نەتەوەیەک یان هەرشتێکی تر، دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە یەکێك لە گرنگترین ڕێگا لە دروستکردنی وێنای هزری لە میشك و عەقڵی خەڵك دادەنرێت، بە هۆی فراوانبوون و دەوڵەمەندبوونی ڕادیۆ و کەناڵی تەلەفزیۆنی ئاسمانی و گەورەبوون و فراوانبوونی تۆڕی هێڵی ئەنتەرنێت لە سەرتاپای جیهان، بەکارهێنانی ئامرازەکانی پەیوەندیکردن بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجی ماددی یان مەعنەوی و پێدانی بەها و بنەماکان وەك گرینگترین سەرچاوەی زانیاری و تێرکردنی خەڵك بە هەواڵی ڕاست و دروست بۆ دروستکردنی ڕایەکی جێگیر وێنایەك لە هزری جەماوەرەکە دروست دەکات توانای وێنای هزری لەسەر دیاریکردنی وێنای جیهانی دەرەوە لە هزری خەڵك جیاوازە لەئامرازێکەوە بۆ ئامرازێکی تری میدیا و تەرکیزکردن لەسەری، بە واتایەکی تر ئامرازەکانی میدیا کاریگەرن لەسەر هەردوو هەستی بینین و بیستن (محمد 2010، 75).

ئامرازەکانی میدیا کاریگەری زۆری لە دروستکردنی وێنای هزریدا هەیە، گرنگ ئەوەیە لە میانی وێنە هزرییەکەشدا متمانە و بڕوا هێنان لەلای جەماوەر دورست بێت، چونکە متمانە و بڕوا هێنان بەشێکی گرنگە لە وێنای هزریدا، ئامرازەکانی میدیا بە گرنگیەکی زۆرەوە وێنای هزری لەلای خودی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

مرۆڤ دروست دەکەن، ئەمەش بە پێدانی زانیاریەکان، وێنای هزری وێنایەکی تایبەتی خودی مرۆڤ خۆیەتی، ئامرازەکانی پەیوەندیکردنی جەماوەری، بەتایبەتی تەلەفزیۆن کاریگەریەکی بەهێز دەکەنە سەر هەستی خەڵکی سەبارەت بە جیهانی دەرەوە، بەتایبەتی ئەوانەی بۆماوەی دوور و درێژو ڕێك و پێك تەماشای تەلەفزیۆن دەکەن، بەمەش وێنە هزریە باوەکانی لای کۆمەڵەیەك، دەرئەنجامی چەند بارەبوونەوەی تەماشاکردنی تاکەکانی ئەو کۆمەڵەیە بۆجۆرێکی تایبەت لە پەیامە جەماوەرییەکان. (الفرحان 2020، 33).

توێژەران بەشێوەیەکی تایبەت جەخت لەسەر تەلەفزیۆن دەکەنەوە لەبەخشینی بینەرەکانی بەو وێنە هزرییانە، چونکە تەلەفزیۆن گواستنەوەی هەمان وێنای هزری کەسایەتییەکان و ڕووداو و کێشەکان چەند بارە دەکاتەوە، زۆر جاریش جەخت لەوە کراوەتەوە کە ڕادیۆ زیاتر ڕۆڵی کاریگەری لە دروست کردنی وێنای هزری لەلای مرۆڤەکان دروست دەکات، چونکە ئەو زانیاریانەی کە لە ڕادیۆ بڵاودەکرێنەوە جگە لە بیستن هیچ شتێکی دیکەی لەگەڵدا نییە، هەر ئەمەشە وا دەکات بیسەر بۆ خۆی لەگەڵ بڵاوبوونەوەی هەر زانیاریەکی ڕادیۆیی وێنایەك لەگەڵیدا دروست بکات (Frank 2004, 18).

توێژەوەرانی میدیا جەخت لەوە دەکەنەوە کە میدیا دەبێتە هۆی دروست بوونی وێنە و واتا لەلای تاك، کە سەرچاوەی زانیاری زۆربەی خەڵکیە و وێنە و واتاکان پێشکەش دەکەن، ڕووماڵکردنی میدیا بۆ بەهێزکردنی هەر دامەزراوەیەك، لەگەڵ دووبارەکردنەوەی ئەو بابەتانەی پێشکەشی دەکات لەچوارچێوەیەکی دیاریکراودا وێنای هزری لەسەر تاکەکان و ڕووداوەکان دروست دەبێت. (محمد 2010، 48).

**دووەم: درامای تەلەفزیۆنی...چەمك وتایبەتمەندی**

**1.چەمك و پێناسەی دراما**

دراما ووشەیەکی یۆنانییەو لە ووشەی Dram ەوە هاتووە مانای "کارفەرمان "Action دەگەیەنێت. ئەم ووشەی دراما Drama یە هەر لەو زمانە کۆنە یۆنانییەوە گەیشتە ناو زمانە نوێیەکانی گەلانی ئەوروپاو لەوانیشەوە گەیشتە گەلانی تری وەك عەرەب و تورك (سالار 1980، 13).

دراما بەرهەمێکی هونەریی و ئەدەبی زیندووە، لەناو زۆربەی گەلاندا بەرچاو دەکەوێ. لای هەر نەتەوەیەك بەپێی ئەو بارودۆخ و ژینگەو ژیانەی کەبۆی رەخساوە نەشوونمای کردووە (عەبدوڵلا 2008، 11).

دراما پێکهاتێکە لە شتە دژوارەکاندا لە نێوان بابەتێکی داستان و خودێتی گۆرانیدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەداستانەو نەشعری گۆرانی بەڵکو جۆری سێیەمە، تەواو نوێ و سەربەخۆییە (اسلن 1999، 12)

هەروەها دراما روویەکە لە رووەکانی ژیان کە بەردەوام لە گۆران و بەرەو پێش چووندایە (فارغاس 2005، 45)، لە فەرهەنگی ئۆکسفۆردیشدا هاتووە دراما ئەو چیرۆکەیە لە رادیۆدا گوێبیستی دەبیت یان لەرێگەی تەلەفزیۆنەوە پێشان دەدرێت یان لە شانۆدا نمایش دەکرێ (فرید 1998، 52).

دراما لۆجیکێکی کۆمەڵایەتییە لە دوو توێی رووداوێکدا کەنووسەر دەیکاتە بابەتی دارشتنی کارە درامیەکەی کە پەیوەستە بە هەڵس وکەوتی مرۆڤەوە، هەڵس و کەوتیش بۆ مەبەستێکە.

ئەم زاراوەیە خزایە ناو هونەرو ئەدەب و شوێنی خۆی کردەوە، بەرەبەرە بە نەتەوەو وڵاتانی تردا رۆیشت، لەسنوری ئەدەبیی یۆنانی هاتە دەرەوە بۆ زمانی لاتینی و گەلێ زمانی ئەوروپی نوێ گواسترایەوە ئەگەر چی زانایان، بیرورای خۆیان بەرامبەر بە چەمکی دراما دەربریوە.

**1.درامای تەلەفزیۆنی:**

درامای تەلەفزیۆنی لەگرنگترین شێوازەکانی درامی هاوچەرخ دادەنرێت و تایبەتمەندی و توانای تایبەتی خۆی هەیە، کە لەبڵاوکردنەوەی جەماوەریدا لە تەلەفزیۆنەکان سودی لێوەردەگیرێت. ئەو کارەی کەوا پێویستە لە تاوتوێکردنی راگەیاندندا گرنگی پێبدرێت، بریتیە لە گرنگی دان بە تاوتوێکردنی ناوەرۆکی درامای تەلە فزیۆنی، بۆ ئەوەی بەژداری لە گۆرینی نەریتی رەوشتی و هەموارکردنی بەها ئەخلاقیەکان بکات لەمیانەی پێشکەشکردنی بەهای مرۆڤایەتی، و چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتیەکان لەرێگای گفتوگۆ و وێنای بینراو.

تەلەفزیۆن لەژێر سایەی کردنەوەی بیرۆکەی نوێی هاوچەرخ، یارمەتی بڵاوکردنەوەی بیرۆکەوز بەهاکانی داوە، لەمیانەی ئاڵوگۆرکردنی رۆشنبیری و هونەری، هەروەها بەشداریکردووە لە گەیشتن بە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

رۆشنبیری بیانی بەشێوەیەکی زۆرفراوان. بۆیە پێویستە شیکردنەوەی ناوەرۆك بۆ درامای تەلەفزیۆنی و چۆنیەتی گوزارشت کردن لەکێشە کۆمەڵایەتیەکان ئەنجام بدرێت کە بە شارستانیەتێکی نوێ و رۆشنبیری و بەهایەکی سەردەمیانەی لەسەری بونیات دەنرێت (علی 2019، 186).

هونەری دراما کۆنترین و باڵاترین هونەری نمایشییە کە مرۆڤ ناسیەتی، لەهەمان کاتدا گرانترین هونەرە کە مرۆڤ پیادەی کردووە. دراما هونەرێکە ڕاستەوخۆ بە جەرگەی ژیانەوە نووساوە لە مەوداکانی ژیاندا هەڵدەسوورێ و خوول دەخوات، هونەرێکە مرۆڤ بەمەبەست و کەرەستەی سەرەتاو سەرەنجامی لەپێناو خولیاو ئارەزووەکاندا دەژی و بەردەوامە (هەورامی 2001، 25).

**1. جۆرەکانی درامای تەلەفزیۆنی: (علی 2019، 198-199)**

1) درامای شەوانە (شەوچەرە): کارێکی تەکنیکی تەواو بەردەوامە لەرووداوەکاندا، لەچوارچێوەی بیرۆکەیەکی رۆشن و بابەتی دەخولێنەوە، وەك بیرۆکەی (تاوان هیچ سودێك نابەخشێت)، هەروەها درامای سەرکەوتوو ئەو درامایەیە کەبینەر لەمەبەستی نوسەری دراماکە بەتەواوەتی تێدەگات، چونکە بیرۆکەی تەم و مژاوی بەزۆری مەبەستی نوسەر لە دراماکەدا دیارناکات و بیرۆکەکە بەتەواوەتی ناخاتە روو.

2) زنجیرە دراما: زنجیرە دراما لەرووی تەکنیکیەوە پشت دەبەستێ بە کۆمەڵێك لەو هەڵوێستانەی کە مرۆڤ تووشی هەڵچوون دەکات و سەرنجی مرۆڤ بۆخۆی رادەکێشێت و وادەکات بینەر زۆر بە وریاییەوە سەرنجی رووداوەکان بدات، رەگەزی سۆز لەگرنگترین رەگەزەکانی زنجیرە درامایە. زنجیرە دراما بۆ سەر کۆمەڵێك ئەلقەی یەك لەدوای یەك دابەشکراوە بە شێوەیەك کە رووداوی هەریەکەیان تەواوکەری ئەوەی پێش خۆی بێت.

3) زنجیرەیەك رووداوە: هەریەکەیان سەرەتاو کۆتای خۆی هەیەو خاوەن بیرۆکەی تایبەتی خۆیەتی، یان کەسایەتی تاك یاخود کۆمەڵێك کەسایەتی، بۆیە دەکرێت تەنها بە روونکردنەوەی کەسایەتی یاخود بابەت بینەر سەیری هەموو ئالقە بێ کۆتاییەکانی ئەو درامایە بکات.

4) نواندنی ئامادەکراو: مەبەست لێی ئەو درامایانەیە کەلە ناوەرۆکی پەرتووکەکانەوە وەرگیراوە بەتایبەتی بۆ ئامرازەکانی نمایشکردنی تەکنیکی جگە لە تەلەفزیۆن، وەك ئەوانەی کەلە

شانۆگەریەکان و چیرۆکەکان و رۆمانەکان دەخرێنە روو مەبەستی نوسەر لەو جۆرە درامایەدا ئەوەیە کە لە پەرتووکەکان و گۆڤارەکان بڵاوبکرێتەوەکە بینەر بۆ تەلەفزیۆن دەنێرێت و هەڵوێستێکی درامی لە خۆدەگرێت کەسانی تایبەتمەند لە تەلەفزیۆن ئامادەی دەکەن بۆ ئەوەی لەرێگەی شاشە بچوکەکەیەوە بڵاوبکرێتەوە. پرۆسەی گۆرینی چیرۆکێکی ناسراو یاخود بەسەرهاتێك یاخود هەرنامەیەك بۆ کاری درامی لە تەلەفزیۆن، لە زۆربەی کاتەکاندا توانایەکی گەورەی بەدەستەوەیە لە دروست کردنی هەڵبژاردنێکی گونجاو.

5) درامای وەرگێردراو (دۆبلاژ): زۆربەی هەرە زۆری تەلەفزیۆن ئەو درامایانە پێشکەش دەکات کە لە زمانە بیانیەکانیەوە وەرگێردراوە. لەوانەیە وەگێرانەکە وەرگێرانێکی پیتی (حەرفی) بێت تەنانەت ناوەکان نەبێت.

## 2.تایبەتمەندی درامای تەلەفزیۆنی:

درامای تەلەفزیۆنی بە هونەرێکی تایبەتی تەلەفزێۆن دادەنرێ، کە لە درامای ڕادێۆ و درامای شانۆو درامای سینەما جیاوازە، درامای تەلەفزیۆنی پشتبەندیەکانی تەلەفزیۆن دەبەستێ وەك ئامرازێك بۆ دەربرین، گرنگترین تایبەتمەندییەکانی درامای تەلەفزیۆنی خۆی لەمانەی خوارەوە دەبینێتەوە:

1. درامای تەلەفزیۆنی هونەرێکە گوزارشت لە کۆمەڵگاو ئەو شتانەی کە کراوەتە بابەتی سەرەکی دەکات، بابەتەکان بریتین لەبابەتی ژیان و کێشە هاوچەرخەکانی ژیان.
2. پیشەی تەلەفزیۆن و سروشتە ئەلکترۆنیەکەی خۆی لە خۆیدا یەکیکە لە تایبەتمەندییە جیاکەرەوەکانی درامای تەلەفزیۆنییە.
3. درامای تەلەفزیۆنی درامایەکی چروپرە و لەبنچینەدا دەوەستێتە سەر کەسایەتی فەرمی بەشێوەیەکی ورد و چاودێری کردنێکی بەهێز. (علی 2019، 190)
4. کێشە لە درامای تەلەفزیۆنی پەیوەستە بە بینەران و چۆن نوسەر دەتوانێ بایەخدانەکانیان بوروژێنێ بۆ کارەکە رایان بکێشێ بەتایبەتی کە بینەران هەمیشە بەلای نووسەرەوە ناسراو نین و بەرهەمهێنەری دراما سوود لەو توانایانەی تەلەفزیۆن وەردەگرێ کە توانای گرنگ بە نووسەرو دراما دەبەخشێ، کە ئەمە لە نوسەری شانۆ دەستەبەر نابێت.

5. سروشتی تەلەفزیۆن و ئەو تایبەتمەندیانەی کە هەیەتی لە پێشکەشکردنی دراماکان ئاسانکاری دەکات لە دیمەنێکەوە بۆ دیمەنێکیترو لە ئەکتەرێکەوە بۆ ئەکتەرێکیتر بە خێراترین شێوە.
6. ئەو ململانێیەی ئێستا هەیە سەبارەت بە درامای تەلەفزیۆنی بێگومان تەماشاکەر سوودمەند دەبێ، کە دەبێتە هۆی هیواخواستن بە چاوەڕوانکردنی درامایەکی نوێ بە تایبەتمەندیەکی نوێ و سەردەمیانە (طاهر 2003، 56).
7. تایبەتمەندی دراما تەلەفزیۆنی لەوەدایە کە پێویستە دراماکان سنووری ناوخۆیی ببەزێنێ و دەربڕی واقیعی ژیانی کۆمەڵگاکە بەگشتی بێ، نەك تەنیا شارێك یان پارچەیەکی دیاریکراو بگرێتەوە.

**2.پێگەی دراما لە بەرنامە تەلەفزیۆنییەکاندا:**

هەموو کەناڵێکی تەلەفزیۆنی سیاسەت و ئامانجێکی خۆی هەیە، لەسەر ئەو بنچینەیەش بەرنامەکانی دائەرێژێت. ئامانجی هەموو کەناڵێکی تەلەفزیۆنی ئەوەیە زۆرترین بینەر بەلای کەناڵەکەیدا کێش بکات، ئەمەش بەهۆی دانانی بەرنامەی گونجاوەوە ئەنجام دەدرێت. بەرنامەی تەمسیلی یان درامای تەلەفزیۆنی بە یەکێك لە بەرنامە سەرەکییەکانی زۆربەی کەناڵە ئاسمانیەکان دادەنرێت و بینەرێکی زۆر چاودێری ئەو کەناڵانە دەکەن کە درامای لێوە پەخش دەکرێن. زۆربەی توێژینەوە مەیدانییەکانی تایبەت بە وەرگرانی کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان، بەرنامەی دراما (تەمسیلی، زنجیرە)یان بە پلەی یەکەم ریزبەند کردووە لەڕووی گرنگی پێدانی جەماوەرەوە. هەروەها زۆر لە توێژینەوە مەیدانییەکان دووپاتیان کردۆتەوە کە بەرنامەی درامای تەلەفزیۆنی لەچاو بەرنامەکانی تردا بینەری زۆرتری هەیە. ئەو پێشوازیە گەرمەی دراما تەلەفزیۆنیەکان دەگەڕێنەوە بۆ رۆڵی زیندووی رووداوە دراميیەکان، کە کاریگەری دەروونی لەسەر وەرگر هەیە (الصبان 2001، 18).

ئامانجی درامای تەلەفزیۆنی لە بنچینەدا بۆ کات بەسەربردن و ئاراستەی کۆمەڵایەتییە، زۆربەی زانایانی دەروونناسی لەو بڕوایەدان تەمسیل بە گرنکترین هۆکارەکانی چارەسەرکردنی دەروونی و کەمکردنەوەی گرژییە دەروونییەکان و هەڵچوونە کپکراوەکان دادەنرێت، دراما شوینی گرنگی لە نێو بەرنامەی تەلەفزیۆنیدا هەیە، چێژو تایبەتمەندی و شوێنێکی تایبەتی لای جەماوەر هەیە. بەهۆی ڕووداوو بیرۆکەو کەسایەتییەوە کاریگەری هەیەو بینەر کێش دەکات بە لای خۆیدا. درامای

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تەلەفزیۆنی بە یەکێك لە بەرنامە سەرەکییەکانی زۆربەی کەناڵە ئاسمانییەکان دائەنرێن. واتە لەپاڵ بەرنامەکانی تری تەلەفزیۆندا زیاتر گرنگی بە بواری دراما دەدرێت. زۆر لە کەناڵە ئاسمانییەکان کاتێکی دیاریکراویان تەرخان کردووە بۆ پەخشکردنی درامای تەلەفزیۆنی، لەبەرئەوەی بینەرێکی زۆری هەیە. "مارتن ئەسلن" لە کتێبی (الدراما التلفزیون)دا دەڵێت: تەلەفزیۆن لە ناوەڕۆکدا هۆکارێکی درامییە. واتە کارو ئامانجی تەلەفزیۆن خستنەڕووی کێشەو ململانێکانی ژیانی ڕۆژانەیە، ڕووداوەکانی دراما ڕەنگدانەوەی واقعی سیاسی و کۆمەڵایەتی وئابووری سەردەمێکی دیاریکراوە. دواترچۆنیەتی چارەسەرکردنی ڕووداوەکانی دراما هۆکارێکی گرنگە بۆ کێشکردنی وەرگر کات بەسەربردنی کاتەکانی (الحسن 2014، 176).

درامای تەلەفزیۆنی لە گرنکترین شێوازەکانی درامی هاوچەرخ دادەنرێت و تایبەتمەندی خۆی هەیە، کە لە بڵاوکردنەوەی جەماوەریدا لە تەلەفزیۆنەکان سودی لێ وەردەگیرێت. ئەو کارەی کە پێویستە لە تاوتوێکردنی میدیادا گرنگی پێ بدرێت، بریتییە لە گرنگیدان بە تاوتوێکردنی ناوەرۆکی درامای تەلەفزیۆنی، بۆئەوەی بەشداری لە گۆڕینی نەریت و رەوشتی هەموارکردنی بەها ئەخلاقییەکان بکات لە میانەی پێشکەشکردنی بەهای مرۆڤایەتی، چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان لە رێگای گفتوگۆو وێنای بینراو. تەلەفزیۆن لە سایەی کردنەوەی بیرۆکەی نوێی هاوچەرخ، یارمەتی بڵاوکردنەوەی بیرۆکەو بەهاکانی داوە لەمیانەی ئالوگۆڕکردنی رۆشنبیری و هونەری، بەشداری کردووە لە گەیشتن بە رۆشنبیری بیانی بەشێوەیەکی زۆر فراوان، بۆیە پێویستە شیکردنەوەی ناوەڕۆك بۆ درامای تەلەفزیۆنی و چۆنیەتی گوزارشتکردن لە کێشەکۆمەڵایەتییەکان ئەنجام بدرێت (علی 2019، 88).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# بەشی سێیەم

## کردەنیینامە توێژینەوەکە

خشتەی 3 رادەی سەیرکردنی دراما دۆبلاژکراوەکان دیاری دەکات

| رادە | دووبارەبوونەوە | رێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | 48 | 55.81 |
| هەندێکجار | 25 | 29.06 |
| نەخێر | 13 | 15.11 |
| کۆی گشتی | 86 | %100 |

لەم خشتەیەدا کە تایبەتە بە دەست نیشانکردنی رادەی سەیرکردنی درامل دۆبلاژکراوەکان لای مشتەی توێژینەوە لە پلەی یەکەمدا ئەوانە دێن کە بە بەڵی وەڵامیانداوەتەوە رێژەیان (%55.81) بە 48 دووبارەبوونەوە، هەروەها ئەوانەی هەندێکجار سەیری دەکەن بە رێژەی(%29.06) وە بە25 دووبارەبوونەوە، لەکاتێکدا ئەوانەی بە نخێر وەڵامیانداوەتەوە کە سەیری دراما دۆبلاژکراوەکان ناکەن رێژەیان(%15.11) بە 13 دووبارەبونەوە.

ئەگەر سەرەنج لە ئەنجامی ئەم خشتەیەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە رێژەی سەیرکردن بۆ دراما دۆبلاکراوەکان لای قوتابیان بەشی تەکیکی میدیا بەرزە دەگاتە(%84.88) ئەمەش ئەوە دەگەینێت کە زۆربەی مشتەی توێژینەوە سەیر دراما دۆبلاژکراوەکان دەکەن، ئەمەش هۆکارێکن بۆدروستبوونی وێنای هزری مشتەی توێژینەوە.

خشتەی 4 هۆکاری سەیرنەکردنی دراما دۆبلاژکراوەکان لای بەشێک لە مشتەی دیاری دەکات

| هۆکار | دووبارەبوونەوە | رێژەی سەدی |
|---|---|---|
| پێم خۆش نیە | 4 | 30.76 |
| کاتم نیە | 3 | 23.07 |
| لەگەڵ دابونەریت و بروای من ناگونجێن | 4 | 30.76 |
| هۆکاری تر | 2 | 15.38 |
| کۆی گشتی | 13 | %100 |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خشتەی 4 کە تایبەتە بە هۆکاری سەیرنەکردنی دراما دۆبلاژکراوەکان لای بەشێک لە مشتەی روون دەکاتەوە ئەوانەی (پێیان خۆش نیە) لەگەڵ ئەوانەی (لەگەڵ دابونەریت و بڕوایان ناگونجێن) لە پلەی یەکەمدا دێن بە ڕێژەی(30.76%) وە بە 4 دووبارەبوونەوە، هەرچی ئەوانەی کاتیان نیە لە پلەی دووەمدا دێن بە بەڕێژەی(23.07%) وە بە 3 دووبارەبوونەوە دێت، لە پلەی سێیەم ئەوانە دێن بە هۆکاری تر سەیری دراما دۆبلاژکراوەکان ناکەن بە ڕێژەی(15.38%) وە بە 2 دووبارەبوونەوە.

ئەگەر تێبینی ئەم ئەنجامەی سەرەوە بکەین بۆمان روون دەبێتەوە بەشێک لە مشتەی توێژینەوەی دراما دۆبڵاژکراوەکانیان لا پەسەند نیە ئەویش بەهۆکاری ئەوەی لەگەڵ دابونەریت و بڕوایان ناگونجێت، ئەمەش بەهۆی ئەوەی دراما دۆبڵاژکراوەکان لە کەلتوورێکی جیاواز لە کەلتوور کۆمەلی توێژینەوە بەرهەم دێت بەشێک لە دیمەن و مەشهەدەکان ڕەنگە نامۆ بێت بە دابو نەرێتی کۆمەلگەی کوردی .

خشتەی5 کاتی سەیری دراما دۆبلاژکراوەکان لای مشتەی توێژینەوە دیاری دەکات

| کات | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| نیوەڕۆیان | 12 | 16.5 |
| ئێواران | 19 | 26 |
| شەوان | 42 | 57.5 |
| کۆی گشتی | 73 | %100 |

لە خشتەی5 کە تایبەتە بە دەست نیشانکردنی کاتی سەیری دراما دۆبلاژکراوەکان لای مشتەی توێژینەوە ئەوانەی شەوان سەیری دراما دۆبڵاژکراوەکان دەکەن لە پلەی یەکەم دێت بە ڕێژەی(57.5%) وە بە42 دووبارەبوونەوە، هەرچی ئەوانەی لە ئێواران سەیری دراما دۆبڵاژکراوەکان دەکەن لە پلەی دووەمدا دێن بەرێژەی (26%) وە بە19دووبارەبوونەوە. لە پلەی سێیەمدا ئەوانەی نیوەرۆیان سەیر دەکەن بە رێژەی (16.5%) وە بە12 دووبارەبوونەوەدێن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەگەر تێبینی ئەم خشتەیە بکەین بەشی زۆری مشتەی توێژینەوە لە شەوان سەیری دراما دۆبلاژکراوەکان دەکەن ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە مشتەی توێژینەوەی لە دوایی تەواوکردنی ئەرکەکانی لە شەوان زیاتر دەرفەتی سەیرکردنی دراما دۆبلاژکراوەکان هەبێ.

خشتەی 6 ئەو کەنالانە دیار دەکات کەتێدا سەیری دراما دۆبلاژکراوەکان دەکرێت

| ڕێژەی سەدی | دووبارەبوونەوە | کەناڵ |
|---|---|---|
| 19.7 | 52 | Kurd max |
| 19.7 | 52 | Kurd max show |
| 16.6 | 44 | Net TV |
| 14.7 | 39 | NRT 2 |
| 11.7 | 31 | Kurd sat |
| 10.6 | 28 | AVATV |
| 7 | 18 | Speda |
| %100 | 264 | کۆی گشتی |

خشتەی6 ئەو کەنالانە دیار دەکات کەتێدا سەیری دراما دۆبلاژکراوەکان دەکرێت لەلایەن مشتەی توێژینەوە، لە پلەی یەکەمدا هەردوو کەناڵی Kurd max و Kurd max showدێت بە ڕێژەی (%19.7) وە بە 52 دووبارەبوونەوە، لە پلەی دووەمدا کەناڵی Net TV دێت بە (%16.6) وە بە 44 دووبارەبوونەوە، کەناڵی NRT 2 لە پلەی سێیەمد ا دێت بەرێژەی (%14.7)وە بە 39 دووبارەبوونەوە، لەپلەی چوارەمدا کەناڵی Kurd sat دێت بە ڕێژەی (%11.7) بە 31 دووبارەبوونەوە، کەناڵی بەرێژەی (%10.6) وە بە28 دووبارەبوونەوە دێت، لە پلەی پێنچەم و کۆتاییدا کەناڵی Speda بە ڕێژەی (%7) وە بە 18 دووبارەبوونەوە دێت.

ئەگەر تێبینی ئەم خشتەیەی سەرەوە بکەین ئەمانە تەنها کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکانن لە پاڵ ئەمانەش دا کۆمەڵێک کەناڵی ناوخۆی هەن کە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان پەخشیان هەیە کە ئەوانیش بە هەمان شێوە بەلکو زیاتریش دراما دۆبلاژکراوەکان پەخش دەکەن، بینەری تایبەتی خۆیان هەیە.

خشتەی7 لەگەل کێ سەیری دراما دۆبلاژکراوەکان دەکەیت؟

| | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەتەنیا | 29 | 39.7 |
| بە خێزانی | 41 | 56.3 |
| لەگەڵ هاورێکانم | 3 | 4 |
| کۆی گشتی | 73 | %100 |

لە خشتەی7 کە تایبەتە بە چۆنیەتی سەیری دراما دۆبلاژکراوەکان لای مشتەی توێژینەوە ئەوانەی بە خێزانی سەیری دراما دۆبڵاژکراوەکان دەکەن لە پلەی یەکەم دێت بە ڕێژەی(%56.3) وە بە41 دووبارەبوونەوە، هەرچی ئەوانەی بەتەنیا سەیری دراما دۆبڵاژکراوەکان دەکەن لە پلەی دووەمدا دێن بەرێژەی (%39.7) وە بە29دووبارەبوونەوە. ئەوانەی لەگەڵ هاورێکانیان سەیر دەکەن بە رێژەی (%4) وە بە3 دووبارەبوونەوەدێن.

لەم ئەنجامەی سەرەوە بۆمان روون دەبێتەوە کە لە کۆمەڵگای کوردی هێشتا سەیرکردنی دراماو بەرنامەکانی تەلەفزیۆنی بە خێزانی بوونی ماوە لەگەڵ دەرکەوتنی ئامرازەکانی تری میدیا بەتایبەت میدیایی نوێ تارادەیەک کاریگەری هەبووە پەرش وبڵاوکردنی خێزان لە دەوری تەلەفزیۆن.

| ژ | برگە | هاورام | | بێلایەنم | | هاورانیم | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی |
| 1. | لە ناو کەسایەتییەکانی دراما دۆبلاژ کراوەکاندا کەسایەتی خۆم دەبینمەوە | 32 | 43.8 | 11 | 15 | 30 | 41.2 |
| 2. | کەسایەتییەکانی ناو دراما دۆبلاژکراوەکان یارمەتیدەرمن بۆ ناسینی کەسایەتییەکانی دەورووبەرم | 41 | 56 | 8 | 11 | 24 | 33 |
| 3. | دراما دۆبلاژکراوەکان یارمەتیدەرن بۆ دروستکردنی وێنایەکی باشترو جیاوازی کەسایەتیی خۆم. | 39 | 53.42 | 9 | 12.32 | 25 | 34.26 |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| .4 | دراما دۆبلاژکراوەکان روونتر ڕاستییەکانی ژیانم پێشاندەدەن | 43 | 58.90 | 7 | 9.58 | 23 | 31.52 |
| | کۆی گشتی | 73 | %100 | 73 | %100 | 73 | %100 |

خشتەی8 شێوازی وێنای هرزی قوتابیانە روون دەکاتەوە

لە بڕگەی(1)ی خشتەی(8) دەردەکەوێت، کەوا ڕێژەی(43.8%)ی مشتەی توێژینەوە هاوڕان کە (لە ناو کەسایەتییەکانی دراما دۆبلاژ کراوەکاندا کەسایەتی خۆم دەبینمەوە)، بە(32) دووبارەبوونەوە. لەبەرامبەردا ڕێژەی(41.2%) هاوڕانین بە (30) دووبارەبوونەوە، وە (15%)ی مشتەی توێژینەوە بەبێلایەنی وەڵامیان داوەتەوە بە(11) دووبارەبوونەوە.

ئەوەی تێبینی دەکرێت لەم برگەیەدا تاکەکان هێندە هۆگری درامادۆبلاژکراوەکان بۆیە کەسایەتی خۆیان تێدا دەدۆزنەوە.

لە بڕگەی(2) دا ڕێژەی(56%)ی مشتەی توێژینەوە هاوڕان کە (کەسایەتییەکانی ناو دراما دۆبلاژکراوەکان یارمەتیدەرمن بۆ ناسینی کەسایەتییەکانی دەوروبەرم)، بە(41) دووبارەبوونەوە. لەبەرامبەردا ڕێژەی(33%) هاوڕانین بە (24) دووبارەبوونەوە، کەچی دەبینین(11%)ی مشتەی توێژینەوە بە بێلایەنی وەڵامیان داوەتەوە بە(8) دووبارەبوونەوە.

ئەگەرسەرەنج بدەین لەم برگەیەدا ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە تاکەکان خۆیان و کەسایەتییەکانی دەوربەریان بەراوورد بە کەسایەتیەکانی نیو دراما دۆبلاژکراوەکان دەکەن.

لە بڕگەی(3)دا ڕێژەی(53.42%)ی مشتەی توێژینەوە هاوڕان کە (دراما دۆبلاژکراوەکان یارمەتیدەرن بۆ دروستکردنی وێنایەکی باشترو جیاوازی کەسایەتیی) بە(39) دووبارەبوونەوە. لەبەرامبەردا ڕێژەی(34.26%) هاوڕانین بە (25) دووبارەبوونەوە، کەچی دەبینین(12.32%)ی مشتەی توێژینەوە بە بێلایەنی وەڵامیان داوەتەوە بە(9) دووبارەبوونەوە.

ئەم برگەیە ئەوەمان پێدەڵێت کە دراما دۆبلاژکراوەکان بووە بە یەکێک لە پێکهاتەی کەسایەتی مشتەی توێژینەوە.

لە بڕگەی(4) دەردەکەوێت، ڕێژەی(58.90%)ی مشتەی توێژینەوە هاوڕان کە (دراما دۆبلاژکراوەکان روونتر ڕاستییەکانی ژیانم پێشاندەدەن)، بە(43) دووبارەبوونەوە. لەبەرامبەردا

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕێژەی(31.52%) هاوڕانین بە (23) دووبارەبوونەوە، کەچی دەبینین(9.58%)ی مشتەی توێژینەوە

| | برگە | هاوڕام | | بێلایەنم | | هاوڕانیم | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی |
| 5. | دراما دۆبلاژکراوەکان هاندەرن بۆ لادانی کۆمەلایەتی و ئاکاری. | 36 | 49.31 | 12 | 16.43 | 25 | 34.26 |
| 6. | دراما دۆبلاژکراوەکان خواستی لاساییکردنەوەی کەسایەتی نێو دراماکان لام دروست دەکەن. | 41 | 56 | 5 | 7 | 27 | 37 |
| 7. | دراما دۆبلاژکراوەکان گەنجان هاندەدەن بۆ یاخیبوون لە خێزان و کۆمەڵگا. | 44 | 60 | 9 | 12 | 20 | 28 |
| 8. | دراما دۆبلاژکراوەکان دەبنە هۆی لاوازکردنی پەیوەندیی خێزانی. | 39 | 53.42 | 5 | 7 | 29 | 39.58 |
| 9. | دراما دۆبلاژکراوەکان دەبنە هۆکاری سەرهەڵدانی هەستی نائومێدی. | 34 | 46.57 | 9 | 12 | 30 | 41.43 |

بە بێلایەنی وەڵامیان داوەتەوە بە(7) دووبارەبوونەوە.

ئەم برگەیە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە مشتەی توێژینەوەی ڕاستییەکانی ژیانیان لا ڕوون نیە بۆیە ئەو وێنا هزریەی لایان دروست دەبێت لەوانیە زۆر زیاتر بێت لەوەی لە واقعی دا بوونی هەیە.

خشتەی9 کاریگەرییەی نەرێننیەکان لەسەر مشتەی توێژینەوە روون دەکاتەوە

لە برگەی(5) لە خشتەی9 دەردەکەوێت، ڕێژەی(49.31%)ی مشتەی توێژینەوە هاوڕان کە (دراما دۆبلاژکراوەکان هاندەرن بۆ لادانی کۆمەلایەتی و ئاکاری)، بە(36) دووبارەبوونەوە. لەبەرامبەردا ڕێژەی(34.26%) هاوڕانین بە (25) دووبارەبوونەوە، کەچی دەبینین(16.43%)ی مشتەی توێژینەوە بە بێلایەنی وەڵامیان داوەتەوە بە(12) دووبارەبوونەوە.

ئەگەر ووردبببینەوە لەم برگەیەدا بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو لادان ئاکارە خراپانەی لە نێو تاکەکانی کۆمەڵگا ڕوودەدەن بەشکی زۆر دەگەڕێتەوە بۆ دراما دۆبلاژکراوەکان جونکە لەم ڕێگەیەوە فێردەبن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە بڕگەی(6) دا، ڕێژەی(56%)ی مشتەی توێژینەوە هاوڕان کە (دراما دۆبلاژکراوەکان خواستی لاساییکردنەوەی کەسایەتیەکانی ناویان، لەلای بینەران دروست دەکەن)، بە(41) دووبارەبوونەوە. لەبەرامبەردا ڕێژەی(37%) هاوڕانین بە (27) دووبارەبوونەوە، کەچی دەبینین(7%)ی مشتەی توێژینەوە بە بێلایەنی وەڵامیان داوەتەوە بە(7) دووبارەبوونەوە.

ئەگەر تێبنی بکەین خواستی لاسایکردنەوە لەناو ئەم جینەی بەتایبەتی مشتەی توێژینەوەی بەشێویەکی زۆر ئاسایی دەبێنرێت بەتایبەتی لاسایکردنەوەی جل وبەرگ و شێوازی قژ و میک ئەپ و هەڵسەکەوت ...هتد.

لە بڕگەی(7) لە خشتەی9 دەردەکەوێت، ڕێژەی(60%)ی مشتەی توێژینەوە هاوڕان کە (دراما دۆبلاژکراوەکان گەنجان هاندەدەن بۆ یاخیبوون لە خێزان و کۆمەڵگا)، بە(44) دووبارەبوونەوە. لەبەرامبەردا ڕێژەی (28%) هاوڕانین بە (20) دووبارەبوونەوە، کەچی دەبینین(12%)ی مشتەی توێژینەوە بە بێلایەنی وەڵامیان داوەتەوە بە(9) دووبارەبوونەوە.

بۆ دووپات کردنەوەی ئەم برگەیە بەرزبوونەوەی کێشەی خێزان یاخبوونی ئەندامانی خێزان لە نێو کۆمەڵگە دا بەروونی دەبێنرێت.

لە بڕگەی(8) دا، ڕێژەی(53.42%)ی مشتەی توێژینەوە هاوڕان کە (دراما دۆبلاژکراوەکان دەبنە هۆی لاوازکردنی پەیوەندیی خێزانی)، بە(39) دووبارەبوونەوە. لەبەرامبەردا ڕێژەی(39.58%) هاوڕانین بە (29) دووبارەبوونەوە، (12%)ی مشتەی توێژینەوە بە بێلایەنی وەڵامیان داوەتەوە.

ئەگەر بەراووردبکەین لە دەیەی دواوە پەیوەندییە خێزانییەکان بەرەوو لاوازی چووە ئەمەش لە ئاکامی ئاسەوار بەشێکی زۆر لە دراماکان و لاسیکردنەوەیان لادانیان وایکردووە شێرازەی خێزان و پەیوەندییەکان تا ڕادەیەکی زۆر لاواز بێت بگەرە تێک بچێت.

لە بڕگەی(9) دا، ڕێژەی(46.57%)ی مشتەی توێژینەوە هاوڕان کە (دراما دۆبلاژکراوەکان دەبنە هۆکاری سەرهەڵدانی هەستی نائومێدی)، بە(41) دووبارەبوونەوە. لەبەرامبەردا ڕێژەی(37%) هاوڕانین بە (27) دووبارەبوونەوە، کەچی دەبینین(7%)ی مشتەی توێژینەوە بە بێلایەنی وەڵامیان داوەتەوە بە(7) دووبارەبوونەوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەگەر تێبینی ئەم برگەیە بکەین لە ئەنجامی لاوازی کەلتور و کۆمەڵگای جیاوازی دراماکە بەراورد بە کۆمەلگەی کوردی دەبێنین جیاوازییەکی زۆری هەیە لەکاتی لاسایکردنەوەی تاکەکان هەستکردن بە نائومیدییەکە بەردەوام لە زیادبووندا دەبێت.

خشتەی10 کاریگەرییە ئەرێنیەکان لەسەر مشتەی توێژینەوە دیاری دەکرێت

| | برگە | هاوڕام | | بێلایەنم | | هاوڕانیم | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی | دووبارە بوونەوە | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی | دووبارە بوونەوە |
| 10 | دراما دۆبلاژکراوەکان ئەشنامان دەکەن بە جوانیی سروشتی ولاتان | 55 | 75.34 | 4 | 5.47 | 14 | 19.19 |
| 11 | دراما دۆبلاژکراوەکان ئاشنامان دەکەن بە ڕەفتارو دابونەریتی کۆمەڵگەی جیاواز. | 59 | 80.82 | 2 | 2.73 | 12 | 16.45 |
| 12 | دراما دۆبلاژکراوەکان ئاشنامان دەکەن بە شێوازی بیرکردنەوەی نوێ. | 42 | 57.50 | 8 | 11 | 23 | 31.50 |
| 13 | دراما دۆبلاژکراوەکان کاریگەریان هەیە لەسەر هەڵبژاردنی ستایلی جل و بەرگ و ماکیاژ و قژو پرچم | 37 | 50.68 | 5 | 6.84 | 31 | 42.48 |
| 14 | دراما دۆبلاژکراوەکان کاریگەری باشیان هەیە لەسەر پەیوەندیی نێوان ئەندامانی خێزانی کوردی. | 10 | 13.69 | 3 | 4.12 | 60 | 82.19 |
| 15 | دراما دۆبلاژکراوەکان فێری چۆنیەتی مامەلەکردنێکی دروستمان دەکەن لەدەرەوەی خێزان. | 27 | 36.98 | 8 | 10.95 | 38 | 52.07 |
| 16 | دراما دۆبلاژکراوەکان هانی گەنجان دەدەن بۆ خۆشەویستی و وەفا. | 44 | 60 | 7 | 9.58 | 22 | 30.42 |
| 17 | دراما دۆبلاژکراوەکان یارمەتی تاک دەدەن بۆ چارەسەرکردنی کێشە کۆمەلایەتیەکانی. | 7 | 9.58 | 18 | 24.65 | 48 | 65.77 |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 18 | دراما دۆبلاژکراوەکان تاك فێردەکەن چۆن بەلایەنی ئەرێنی بیر لە کێشە کۆمەڵایەتییەکانی بکاتەوە. | 25 | 34.24 | 23 | 33.52 | 25 | 34.24 |

خشتەی10 کە کاریگەرییە ئەرێننیەکان لەسەر مشتەی توێژینەوە روون دەکاتەوە، لە بڕگەی(10)

دا، ڕێژەی(75.34%)ی مشتەی توێژینەوە هاوڕان کە (دراما دۆبلاژکراوەکان ئاشنامان دەکەن بە جوانیی سروشتی ولاتان)، بە(55) دووبارەبوونەوە. لەبەرامبەردا ڕێژەی(19.19%) هاوڕانین بە (14) دووبارەبوونەوە، لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین(5.47%)ی مشتەی توێژینەوە بە بێلایەنی وەڵامیان داوەتەوە.

ئەگەر تێبنی دراما دۆبلاژکراوەکان بدەین دەبینین زۆرترین گرنگی بە سروشتی ووڵاتەکەیان و شوێنە گەشتیاری و کەلتوورییەکانیان دەدەن ئەمەش بۆ سەرەنج ڕاکیشانە و ئارەزووی سەردانی دروست دەکات بە تایبەت لە دراما ددۆبلاژکراوە تورکییەکان ئەمە زۆر بەدی دەکرێت.

لە بڕگەی(11) لە خشتەی9 دەردەکەوێت، ڕێژەی(80.82%)ی مشتەی توێژینەوە هاوڕان کە (دراما دۆبلاژکراوەکان ئاشنامان دەکەن بە ڕەفتارو دابونەریتی کۆمەڵگەی جیاواز.)، بە(55) دووبارەبوونەوە. لەبەرامبەردا ڕێژەی (16.45%) هاوڕانین بە (12) دووبارەبوونەوە، بەڵام دەبینین(2.73%)ی مشتەی توێژینەوە بە بێلایەنی وەڵامیان داوەتەوە بە(2) دووبارەبوونەوە.

ئەوەی جیگای تێبینیە لەم برگەی دراما دۆبلاژکراوەکان یەکێک لە گرنگیەکانی ئاشنا بوونە بە کەلتور و داب ونەریتە جیاوازەکان.

لە بڕگەی(12) دا، ڕێژەی(57.50%)ی مشتەی توێژینەوە هاوڕان کە (دراما دۆبلاژکراوەکان ئاشنامان دەکەن بە شێوازی بیرکردنەوەی نوێ)، بە(42) دووبارە بوونەوە. لەبەرامبەردا ڕێژەی(31.50%) هاوڕانین بە (23) دووبارەبوونەوە، هەروەها دەبینین(11%)ی مشتەی توێژینەوە بە بێلایەنی وەڵامیان داوەتەوە بە(8) دووبارەبوونەوە.

ئەمەش ئەوە دەردەخات کە درامادۆبلاژکراوەکان پاشخانەیەکی زانیاری گرنگ بێت و شێوازی بیرکردنەوە بگۆڕێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە بڕگەی(13) دا، مشتەی توێژینەوە بە ڕێژەی(50.68%)ی هاوڕان کە (دراما دۆبلاژکراوەکان کاریگەریان هەیە لەسەر هەڵبژاردنی ستایلی جل و بەرگ و ماکیاژ و قژو پرچ)، بە(37) دووبارەبوونەوە. لەبەرامبەردا ڕێژەی(42.48%) هاوڕانین بە (31) دووبارەبوونەوە، هەروەها دەبینین(6.84%)ی مشتەی توێژینەوە بە بێلایەنی وەڵامیان داوەتەوە بە(5) دووبارەبوونەوە.

ئەگەر تێبینی بکەین لەسەر بینەرانی دراما دۆبلاژکراوەکان ئەم خاڵە بە روونی دەردەکەوێت هەڵبژاردنی ستایلی جل و بەرگ و ماکیاژ و قژو پرچ بوونی هەیە.

لە بڕگەی(14) دا، ڕێژەی(82.19%)ی مشتەی توێژینەوە هاوڕانین کە (دراما دۆبلاژکراوەکان کاریگەری باشیان هەیە لەسەر پەیوەندیی نێوان ئەندامانی خێزانی کوردی.)، بە(60) دووبارەبوونەوە. لەبەرامبەردا ڕێژەی(13.69%) هاوڕان بە (10) دووبارەبوونەوە، لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین(4.12%)ی مشتەی توێژینەوە بە بێلایەنی وەڵامیان داوەتەوە بە(3) دووبارەبوونەوە.

ئەگەر سەرەنج بدەینە ڕادەی سەیرکردنی دراما دۆبلاژکراوەکان رۆژانەش دووبارە دەبنەوە لەگەڵ ئەوەش ژمارەی ئەلقەکان یەکجار زۆرن وادەکات پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکان لاواز و سست بێت.

لە بڕگەی(15) دا، ڕێژەی(52.07%)ی مشتەی توێژینەوە هاوڕانین کە (دراما دۆبلاژکراوەکان فێری چۆنیەتی مامەلەکردنێکی دروستمان دەکەن لەدەرەوەی خێزان.)، بە(38) دووبارەبوونەوە. لەبەرامبەردا ڕێژەی(36.98%) هاوڕان بە (27) دووبارەبوونەوە، لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین(10.95%)ی مشتەی توێژینەوە بە بێلایەنی وەڵامیان داوەتەوە بە(8) دووبارەبوونەوە.

ئەگەر سەرەنجی ئەم برگەیە بدەین هێشتا پەروەردەی خێزان گرنگی و کاریگەری هەیە لەسەر تاکەکان بۆ رەفتارکردن و مامەڵەکردن لە دەرەوەی خێزان.

لە بڕگەی(16) لە خشتەی9 دەردەکەوێت، ڕێژەی(60%)ی مشتەی توێژینەوە هاوڕان کە (دراما دۆبلاژکراوەکان هانی گەنجان دەدەن بۆ خۆشەویستی و وەفا.)، بە(44) دووبارەبوونەوە. لەبەرامبەردا ڕێژەی (30.42%) هاوڕانین بە (22) دووبارەبوونەوە، بەڵام دەبینین(9.58%)ی مشتەی توێژینەوە بە بێلایەنی وەڵامیان داوەتەوە بە(7) دووبارەبوونەوە.

لەبەر ئەوەی بەشی زۆری دراما دۆبلاژکراوەکان باسی خۆشەویستی وەفا دەکات ئەمەش رەنگدانەوەی لەسەر تاکەکان بەجێهیشتووە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە بڕگەی(17) دا، ڕێژەی(65.77%)ی مشتەی توێژینەوە هاوڕانین کە (دراما دۆبلاژکراوەکان یارمەتی تاک دەدەن بۆ چارەسەرکردنی کێشە کۆمەلایەتیەکانی.)، بە(48) دووبارەبوونەوە. لەبەرامبەردا ڕێژەی(24.65%) بێلایەنن بە (18) دووبارەبوونەوە، لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین(9.58%) ی مشتەی توێژینەوە بە هاوڕان بە(7) دووبارەبوونەوە.

ئەگەر تێبینی ئەم برگەیە بکەین دراما دۆبڵاژکراوەکان یارمەتیدەرنەبوونە لە چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆجیاوازی دۆخی ژیان و کەلتوورە جیاوازەکان.

لە بڕگەی(18) دەردەکەوێت، ڕێژەی(34.24%)ی مشتەی توێژینەوە هاوڕان وە بە هەمان ڕێژەش هاوڕانین کە (دراما دۆبلاژکراوەکان تاك فێردەکەن چۆن بەلایەنی ئەرێنی بیر لە کێشە کۆمەڵایەتییەکانی بکاتەوە.)، بە(25) دووبارەبوونەوە. بەڵام دەبینین(33.52%) بێلایەنی وەڵامیان داوەتەوە.

لەم برگەیەدا دەردەکەوێت کە درامادۆبڵاژکراوەکان ئامانجیان کاریگەری دروستکردنە لەسەر تاک.

دەرئەنجامەکان

دوا بەدوای بە ئەنجامگەیاندنی ئەم توێژینەوەیە، توێژەر بەچەند دەرئەنجامێک گەیشتوە، کە بە چەند خاڵێک دەیانخەینەڕوو:

1. زۆربەی مشتەی توێژینەوە تەماشای دراما دوبلاژکراوەکان لە کەناڵە کورییەکان دەکەن.
2. دراما دۆبلاژکراوەکان لەکەناڵە کوردییەکان ڕۆلی گرنگیان هەیە لە دروستکردنی وێنای هزری لای قوتابیانی بەشی میدیا بەتایبەت لای بەشی زۆری مشتەی توێژینەوەی ڕاستییەکانی ژیانیان پێشاندەدات، هەوەها یارمەتیدەرن بۆ دروستکردنی وێنایەکی باشترو جیاوازی کەسایەتیەکانیان.
3. دراما دۆبلاژکراوەکان وەک هۆکارێکی یارمەتیدەر دەبینن بۆ ناسینی کەسایەتییەکانی دەوروبەری هەوروها کەسایەتی خۆیان دەبینمەوە لە ناو دراما دۆبلاژ کراوەکاندا.
4. دراما دۆبلاژکراوەکان خواستی لاساییکردنەوەی کەسایەتی نێو دراما دۆبلاژکراوەکان لای مشتەی توێژینەوەدروست دەکەن.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

5. دراما دۆبلاژکراوەکان هاندەرن بۆ لادانی کۆمەلایەتی و ئاکاری، گەنجان هاندەدەن بۆ یاخیبوون لە خێزان و کۆمەڵگا، دەبنە هۆی لاوازکردنی پەیوەندیی خێزانی، سەرهەڵدانی هەستی نائومێدی.
6. دراما دۆبلاژکراوەکان هۆکارێکن بۆئاشنابوون بە ڕەفتارو دابونەریتی کۆمەڵگەی جیاوازەکان.

سەرچاوەکان:

- أحمد الدسوقی. 2007. *الصورة الذهنية و الرأی العام*. القاهيرة: دار الجامعة.
- أحمد طاهر. 2003. *برامج التلفزيون، ت، إدوارد ستاشيف ورودي بريتز*. القاهرة: دار القومية العربية للثقافة والنشر.
- أسماء شام حسن. 2017. *الصورة الذهنية*. عمان: داراليازوری.
- بدري حسون فريد. 1998. *مبادي الأخراج المسرحي*. القاهرة: دار النهضة للطبع والنشر.
- پەروین عەبدوڵڵا. 2008. *رەگەزەکانی دراما لەشیعری لیریکی کوردییدا*. سلێمانی: چاپخانەی سەردەم.
- حامد الفرحان. 2020. *الصورة الذهنية في وسائل الاعلام وانعكاسات الواقع*. بيروت: دار شروق.
- حەمە کەریم هەورامی. 2001. *دراماي كوردي لەناو دراماي جيهاندا*. هەولێر: دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس.
- خلدون وليد خليل. 2002. *المميز الدلالي و علاقته بالنمطية والتصور*. بغداد.
- سامية أحمد على. 2019. *أسس الدراما الإذاعية راديو و تليفزيون*. القاهرة: الدار المصرية اللبنانية.
- عبدالدائم عمر الحسن. 2014. *انتاج الدراما التلفزيونية*. القاهيرة: دار القومية للثقافةوالنشر.
- على العجوة. 2005. *العلاقات العامة و الصورة الذهنية*. القاهيرة: ط3، عالم الكتب.
- لويس فارغاس. 2005. *مرشد الى فن المسرحي(الدراما)، ت. أحمد سلامه أحمد*. عمان: دار اليازور.
- مارتن اسلن. 1999. *تشريح الدراما، ت. يوسف عبدالمسيح ثروة*. بغداد: ط3، دار الحرية للطباعة.
- محمد دبس. 1999. معجم *مصطلحات العلم والتكنلوجيا*. بيروت: ط.5، معهد الانماء العربي.
- محي الدين عبدالحليم. 2007. *الصورة النمطية المشوهة للاسلام والمسلمين*. مجلة الفن الاذاعي، القاهرة، العدد 185.
- منصور عبدالله ناجى محمد. 2010. *دور العلاقات العامة فى بناء الصورة الذهنية للشركات*. الهند: الرسالة دكتوراه مقدمة الى مجليس الكلية التجارة، جامعة ميسور.
- منى الصبان. 2001. *فن المونتاج فى الدراما التلفزيونية*. القاهيرة،: الهيئة مصرية العامة للكتاب.
- ناهض فاضل الجوارى. 2016. *العلاقات العامة و الصورة الذهنية*. الاردن: دار أمجد للنشر و التوزيع.
- هشام كيلاني. 2009. *العلاقات العامة و تكوين الصورة الذهنية للمنظمة*. السعودية: جامعة الملك السعود
- ئەحمەد سالار. 1980. *دەروازەی دراما*. بغداد: دارالحرية للطباعة.

- Frank, Matters. 2004. *Why Leaders Must Listen to the Voice of the People, Gallup Organization, DC.*

- Kim, S., Yoon, Y. 2003. *The Hierarchical Effects of Affective and CognitiveComponents on Tourism Destination Image.*. Journal of Travel & TourismMarketing,14(2), 1-22.

# الصورة الذهنية الطلبة قسم الإعلام حول الدراما المدبلجة على القنوات الفضائية الكردية

**د.ظاهر حمدأمين صابر**
قسم التقنية الإعلام، كلية التقنية الادارية أربيل، جامعة أربيل التقنية، أربيل، إقليم كردستان، العراق.
Zahir.sabir@epu.edu.iq

**الملخص**

يركز هذا البحث على الصورة الذهنية لطلبة قسم الإعلام حول الأعمال الدرامية المدبلجة على القنوات الكردية، هو بحث وصفي يتناسب مع منهج البحث العلمي الاكاديمي، ولتحقيق الاهداف استخدم الباحث المنهج المسحي.

يتكون مجتمع البحث من طلبة قسم الإعلام ، وتتكون عينة الدراسة من 86 طالبا وطالبة من كلا الجنسين تم اختيارهم بصورة عشوائية.

تهدف هذه الدراسة إلى إظهار التفاعل المباشر والعكسي بين عينة البحث والمسلسلات الدرامية المدبلجة، وكذلك مدى قبول طلاب قسم الإعلام للدراما المدبلجة ، وما هي التصورات التي تتكون في اذهانهم عن هذه الدراما.

وكانت من أهم نتائج الدراسة أن معظم أفراد عينة الدراسة يشاهدون الأعمال الدرامية المدبلجة، و كذلك توصلت الدراسة إلا أن الأعمال الدرامية الكردية المدبلجة تلعب دورا مهما في تكوين الصورة الذهنية لدى طلبه قسم الإعلام ، خاصة من خلال إظهار حقائق حياتهم ، وكيف تساعدهم على تكوين

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

صورة أفضل وشخصية مختلفة. مع ذلك هناك بعض الجوانب السلبية، كيف انها تشجع على الانحراف الاجتماعي و الاخلاقي و التمرد على الاسرة و المجتمع في بعض الاحيان.

واستنادا لذلك كانت الدراسة تعالج ضمنية الصورة الذهنية الناشئة عن مشاهدة الدراما المدبلجة للكردية في ذهنية طلبة الاعلام على اختلاف تصوراتهم الخاصة والعامة.

## The Mental image of students in the media department about dubbed dramas on Kurdish channels

**Thahir Hamadamin Sabir**
Department of Media Techniques, Erbil Technical Administrative College, Eril Polytechnic University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Zahir.sabir@epu.edu.iq

**Abstract**:
This research is focusing on the mental image of the students of the media department about the dubbed dramas on Kurdish channels.This research is descriptive research commensurate with the academic scientific research method, and to achieve the objectives, the researcher used the survey method.The research community consists of students of the Media Department, and the research sample consists of 86 male and female students of both genders who were chosen randomly.This study aims to show the direct and reverse interaction between the research sample and dubbed drama series, as well as the extent to which students of the Media Department accept dubbed drama, and what images they create in their minds.One of the most important results of the study was that most of the members of the research sample watch dubbed dramas, and the study also found that dubbed Kurdish dramas play an important role in forming the mental image of the students of the Media Department, especially by showing the facts of their lives, and helping them form a better image and a different personality.However, there are some downsides, how it encourages social and moral deviation and sometimes rebellion against the family and society.Accordingly, the study was implicitly addressing the mental image arising from watching Kurdish dubbed drama in the mentality of media students of different private and public perceptions.